

سرتاتیژی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق بۆ کارلێک لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی

«ستراتیژی کارلێک لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی، شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق (EUAM Iraq)» بەشێکە لە ڕێبازی هەمەلایەنی یەکێتی ئەورووپا بۆ چاکسازی کەرتی ئاسایش و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی شاندەکە ڕۆڵێکی پێشەنگتر بگێڕێت لەڕێگەی دداننان بە **کۆمەڵی مەدەنی وەک هاوبەشێکی سەرەکیی**. ئامانجی سەرەکیی ئەم دۆکیومێنتە خستنەڕووی دیدگاکان و هۆکارەکانە بۆ کارکردنی شاندنی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق (EUAM) لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی و **چۆنێتی** ئەو کارکردنە.

پێشەکیی

کۆمەڵی مەدەنیی تواناداركراو توخمێکی سەرەکییە بۆ هەر دیموکراسییەک. لەڕێگەی دەربڕینی نیگەرانییەکانی هاووڵاتیان، بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی لە فەزای گشتیدا چالاکن و بەشدارن لەو پرۆژانەی دەبنە هۆی پتەوکردنی فرەیی و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، یەکخستنی ڕێبازێک کە خەڵک سەنتەر بێت و لەڕێگەی کارلێک لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی، بەشداری دەکات لە کارایی و کاریگەریی هەر دەستپێشخەرییەک کە مامەڵە دەکات لەگەڵ کەرتی ئاسایش. هەوڵەکانی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق لەمە بەدەر نین.

کەرتی ئاسایشی مەدەنیی عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگی جیاواز دەبێتەوە. بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی و ڕێکخراوەکان دەتوانن بەشداری بەرچاو بکەن لە چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانە، لەڕێگەی لۆبیکردن، داکۆکیکردن و چالاکییەکانی چاودێریکردن لەسەر ئاستی نیشتیمانیی، هەرێمیی و خۆجێیی.

کاتێک دێتە سەر حوکمڕانیی دیموکراسی، سەرەری یاسا و مافە بنەڕەتییەکان، لەناویاندا مافی ژیان و شکۆمەندیی، ئازادی ڕادەربڕین و ڕێکخراویی، هەروەها مافەکانی کەمینەکان، دەتوانن ببنە هۆی بەرزکردنەوەی شەفافیەت و لێپرسراویی دامەزراوە گشتییەکان و ڕێخۆشکردن بۆ بایەخدانی زیاتر بە پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لەکاتی بڕیاردان لەسەر سیاسەتەکان.

بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی تواناکانی خۆیان دەرخستووە بۆ داکۆکیکردن لە **یەکسانی جێندەریی، بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی** و هاندانی **ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی**، هەروەها سیاسەت و پیادەکردنەکانی بەردەوامیی ژینگەیی.



دیدگا

دروستکردنی هاوبەشیی لە چوارچێوەی کارکردن لەسەر چاکسازی کەرتی ئاسایش یەکێکە لە ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق (EUAM). چالاکییەکانی شاندەکە بەشداری دەکات بە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان، لەوانە بکەرە نادەوڵەتییەکان و بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی.

لە هەناوی کارنامەی حکومڕانی سیستمی ئاسایش، پێداویستییەک هەیە بۆ هاندانی پەیڕەکردنی ئەو **ڕێبازانەی خەڵک دەکەن بە سەرنتەر**. دانانی خەڵک لە سەنتەری پرۆسەی چاکسازی ئاسایش، لایەنە بەخشەرەکان توانادار دەکات باشتر هەڵسەنگاندن بکەن بۆ دۆخی ئاسایش لەهەر یەکێک لە ناوکۆییەکان، هەروەها باشتر مامەڵە بکەن لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکانی ئاسایش و تێڕوانینەکانی ئافرەتان و پیاوان، کچان و کوڕان.



ئامانجەکانی کارلێک (پێکەوەکارکردن):

- بەخۆجێیکردنی دەستوەردانەکان و دەستکەوتەکانی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا (EUAM) بۆ ئەوەی کاریگەرتر، بەردەوام و لەئاستی خواستدا بن؛
- کارلێک لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی تەبا لەگەڵ ڕێبازی گشتی یەکێتی ئەورووپا بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنیی؛
- باشترکردنی ئاڵوگۆڕ، کۆکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیاری؛
- بەرەودان بە خاوەندارێتی خۆجێی، لێپرسینەوە و بەشداریپێکردنی فرەیی؛
- بەشداریکردن لە بەهێزکردنی متمانە لەنێوان کۆمەڵی مەدەنیی و فەرمانگە پەیوەندارەکانی حکومەت بە چاکسازی کەرتی ئاسایش؛
- لەڕێگەی کۆمەڵی مەدەنی شاندی راوێژکاری یەکێتی ئەورووپا لە عێراق بەشداری دەکات لە زیادکردنی شەفافیەت، دەستپێگەیشتن و کارایی؛
- هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق، سەبارەت بە کارلێک و هاوکاریکردنی کۆمەڵی مەدەنیی پەیوەست بە بواره مەدەنییەکانی چاکسازی کەرتی ئاسایش؛
- گشتاندنی ڕێبازی یەکێتی ئەورووپا بۆ جێنەجێکردنی بڕیاری 1325ی ئەنجوومەنی ئاسایش نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی "ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش"، هەروەها بڕیارە پەیوەندارەکانی دواتر، لە هەموو چالاکییەکاندا.



پێناسەی کۆمەڵی مەدەنیی و بەربەستەکانی پێکەوە کارکردن

لـە کۆمەڵـی مەدەنیـی مەبەسـتمان **چەمکێکـی کۆمەڵییـە کـە ئاماژەیـە بـۆ هەمـوو جۆرەکانـی کـرداری کۆمەڵایەتـی نادەوڵەتـی لەلایـەن تاکەکـەس یـان گروپەکانـەوە**. کۆمەڵـی مەدەنیـی رێکخـراو بریتییـە لـە پەیکەرێکـی رێکخراوەیـی کـە ئەندامانـی خزمەتـی بەرژەوەندی گشـتی دەکـەن لەڕێگەی پرۆسـەیەکی دیموکراتی و وەک نێوەندگیـر کاردەکـەن لەنێـوان حکومـەت و هاووڵاتیـان.

شـاندی راویـژکاری یەکێتـی ئەورووپـا لـە عێـراق کاردەکات لەگـەڵ رێکخـراوە ناحکومییـە نیشـتیمانییەکان، سـەنتەرەکانی توێژینـەوە و ئەکادیمیـا و رێکخـراوە ئاینییـەکان کـە بەشـدارن لـە بـوارە مەدەنییەکانـی چاکسـازی کەرتـی ئاسـایش.

پێشـەوا سیاسـیی، ئاینیـی و کۆمەڵایەتییەکانـی عێـراق کارکـردن لەگـەڵ رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنیـی بـە رێگەیەکـی باش دەزانـن بـۆ نوێنەرایەتیکـردن و بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی خەڵـک. پەیوەندیـی بـەردەوام لەگـەڵ رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنیـی و رێکخـراوە ناحکومییـەکان لـە عێـراق بەهـادارە.

پێویسـتە ئەم پرنسـیپانەی خوارەوە رەچاوبکرێن لەکاتی کارلێک لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی:

- **پرنسـیپی «زیـان نەگەیانـدن»**، بـە بەمەبەسـتی زیادکردنـی کاریگـەری ئەرێنیـی و کەمکردنـەوەی کاریگـەری نەرێنیی؛
- پێویسـتە دەسـتوەردانەکان **رەوا، بەپێـی خواسـت و تەبابـن** لەگـەڵ ئامانجەکانـی شـاندی راویژکاریـی یەکێتـی ئەورووپـا لـە عێـراق؛
- کارلێـک لەگـەڵ کۆمەڵـی مەدەنیـی **بـڕەودەدات** بـە مافەکانـی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی جێندەریی و یەکترتەواو کـردن لەگـەڵ ئـەو ستراتیژانەی پێویسـتە هاوتەریب جێبەجـێ بکرین؛

- **ئاسیشـی مـرۆڤ:** ڕوانگەیـەک بـۆ ئاسـایش کـە بەرجەسـتەی مافەکانـی مـرۆڤ، حوکمڕانـی بـاش، دەستگەیشـتن بـە پـەروەردە و تەندروسـتی و زامنکردنـی دەرفـەت و بـژاردە بـۆ هەمـوو تاکێـک بـۆ ئـەوەی تواناکانـی خـۆی بخاتەگـەڕ؛
- **ڕەوایەتـی:** ئـەو کەسـەی نوێنەرایەتـی کردەیەکـی کۆمەڵایەتـی دەکات، دەبێـت پەسـەندکراو بێـت وەک وتەبێـژی راسـتەقینەی ئـەو دۆزە و پاڵپشـتیکراو بێـت لەلایـەن ئـەو کەسـانەی نوێنەرایەتییـان دەکات؛
- **لێپرسـینەوە:** لەڕێگـەی دەربڕیـن لـە نیگەرانییەکانـی هاووڵاتیـان، رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنیـی زۆر گرنگـن بـۆ زامنکردنـی ئـەو سیاسـەتانەی ڕەچـاوی هەمـوان دەکات. لەبەرئـەوە رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنیـی بەشـداری دەکـەن لـە دروسـتکردنی دەوڵەتـی ڕەوا و لێپـرسراو؛
- **کـەس پەراوێـز ناخرێـت:** پێویسـتە هەوڵـی زیاتـر بدرێـت بـۆ دڵنیابـوون لـە گەیاندنـی دەنگـی ئەوانـەی لـە لێـواری کۆمەڵگـەدان، هەروەهـا ئەوانـەی زۆرتـر پەراوێزخـراون بەشـێوەیەکی واتـادار دەنگیـان دەبیسـترێت و لەخۆدەگیرێـن. نموونەکانـی ئـەم کۆمەڵـە پەراوێزخراوانـە بریتیـن لـە ئـاوارە ناوخۆییـەکان، ڕزگاربووانـی تونـدوتیـژی خێزانیـی و جۆرەکانـی تـری مامەڵـەی نـاڕەوای جێندەریـی و چەندینـی تـر.



بواره سەرەکییەکانی پێکەوە کارکردن

شاندی یەکێتی ئەوروپا پەیوەندی گونجاوی دروستکردوە بەپێی کارنامەی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق، لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی نیشتیمانیی عێراق و هاوبەشانی تری ئەوروپی و نێودەوڵەتی. پێویستە شاندەکە هەوڵی سیستیماتیک بدات بۆ کارلێک لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی لەم بوارە سەرەکییانەی خوارەوە:

A. بەشداریکردن لە ئاسایشی مرۆیی بەردەوام

کارلێک لەگەڵ بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی کە بایەخ دەدەن بە بکەرانی ئاسایش

کارلێک لەگەڵ بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی لەم بوارەدا بەشداری دەکات لە چاودێریکردن، شیکاریی و راپۆرتدان لەسەر جێبەجێکردنی یاسا و نیزامی گشتی، هەروەها دەبێتە هۆی تێگەیشتنی باشتر و چاودێریکردنی تێڕوانین و چاوەڕوانییەکانی پیاوان، ئافرەتان، کوڕان و کچانی هەمەجۆر.

کارلێک لەگەڵ بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی کە بایەخ دەدەن بە خاوەندارێتی و چارەسەری خۆجێیی

شاندەکە هانی خاوەندارێتی و چارەسەری بەسیاسینەکراوی خۆجێیی دەدات بۆ کێشە خۆجێییەکان. راوێژکاریی رێکخراو و چەندبارە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، دەبێتە هۆی زیادکردنی هۆشیاری شاندەکە دەربارەی ژینگەی خۆجێیی و وردەکارییەکان بۆ تێگەیشتنێکی عێراقیانە لە کەرتی ئاسایشی جێگەی متمانە و خزمەتکار بە رابەرایەتی دەوڵەت.

B. باشترکردنی کۆکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیاری

شاندی راوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق کاردەکات لەگەڵ بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی بۆ باشترکردنی کۆکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیاری. شاندی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق دەستگەیشتنی راستەوخۆی نییە بە هەندێک ناوچە، بەڵام لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی کە پەیوەندییان هەیە بەو ناوچانە، دەتوانێت زانیاری بەهادار دەستبخات لەسەر بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەست بە

ئاسایش، هەوەها بە پرسە سیاسیی و ئابووریییەکان.

C. بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی ناکۆکیی

کارلێک لەگەڵ بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی کە بایەخ دەدەن بە ڕێکارەکانی بونیاتنانی متمانە

کارلێک لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە کاردەکەن لەسەر بونیاتنانی متمانە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق بۆ دۆزینەوەی ئەو بیرۆکانەی لەوانەیە توانایان هەبێت، تەنانەت ئەگەر بە ڕێژەیەکی سنووردار بێت، بۆ دروستکردنی متمانە لەگەڵ بکەرانی مەدەنیی کەرتی ئاسایش.

شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق وەک بەستەر کاردەکات لەنێوان کۆمەڵی مەدەنیی خۆجێی و بەخشەرەکاندا، بۆ ئاراستەکردنی هاوکارییەکان بۆ ئەو بوارانەی کە زۆر پێویستن، هەروەها هاوکاری بەخشەران دەکات بۆ دیاریکردنی پرۆژە بەردەوامەکان کە دەبنە هۆی بونیاتنانی متمانەی خەڵک بە بکەرانی چاکسازی کەرتی ئاسایش.

کارلێک لەگەڵ بکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی کە بایەخ دەدەن بە پرۆژەکانی حکومەتی عێراق لە بواری چاکسازی کەرتی ئاسایش

شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق کاردەکات لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیی بۆ هاندانی هاوکاریی لەنێوان حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، هاوکات پاڵپشتی پرۆژەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکات، وەک چاودێریکردن لەلایەن هاوواڵتی مەدەنییەوە. شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق لەوانەیە هەڵسەنگاندن بکات بۆ چەند بکەرێکی کۆمەڵی مەدەنیی بۆ بەشداریکردن لە ئەرکە دیاریکراوەکانی شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق. کارلێکی لەم جۆرە ئامرازێکی باشە بۆ بەخشینی زانیاری بە پرۆسەی داڕشتنی ستراتیژە نیشتیمانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەویی تووندوتیژ، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەرەنگاربوونەوەی تاوانی رێکخراو، هەروەها ستراتیژەکانی وەزارەتی ناوخۆ.



ئەم نامیلکەیە بڵاوکراوەتەوە لەلایەن شاندی راوێژکاریی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق (EUAM Iraq)
ئادار 2019، نوێکراوەتەوە لە ئاب 2022
وێنە: Shutterstock

www.euam-iraq.eu
info@euam-iraq.eu
+964 (0) 780 958 3672

شاندی راوێژکاری یەکێتی ئەورووپا لە عێراق بەتەنها بەرپرسیارە لە ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوەیە، مەرج نییە بۆچوون و دیدگا دەربڕاوەکان بەرجەستەی سیاسەت، بۆچوون و دیدگای فەرمیی یەکێتی ئەورووپا و پێکهاتەکانی بکەن.

